## ناوەندی هەواڵگری فیدراسیۆنیسەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی

# هەواڵەکانی هەڵسورانی فیدراسیۆن

**شاری نوتین هام:**

## هەڵەبجە لەیـــــاد مـــەکەن

شەوی شەممە ریکەوتی 2007/03/10 جاسم غفور لە دەسپێکی ئەو چالاکیانەی بۆ یادی هەڵەبجە ئەنجامیان دەدا وۆرک شۆپیکی هونەری لە ڕەفیوجی فۆرم  لە شاری نۆتینگهامی بەریتانیا بەرێوەبرد، لەم چالاکیەدا ژمارەیەک لە خەڵکانی پەنابەر و ئینگلیز بەشداریان کردو چەند کارێکی هونەریان ئەنجامدا کە ئاماژە بە دڵرەقی و وەحشیگەری ئەنجامدەرانی کارەساتی هەڵەبجە دەکەن. پێش دەستپێکردنی وۆرک شۆپەکە جاسم دەربارەی کارەساتی هەڵەبجە قسەی بۆ بەشداربووان کردو چەند بابەت و وێنەی خستەبەردامیان تا زانیاری زیاتریان لەسەر هەڵەبجەیان لا گەڵاڵە بێت و وە بۆ ئەنجامدانی کارە هونەریەکانیشیان سوودی لێ ببینن.

**کارە هونەریەکان ڕۆژی هەینی 3/15 بۆ ماوەی 2 ڕۆژ لە ئۆفیسی رەفیوجی فۆرم پیشان دەدرێن و ئێوارەی هەمان ڕۆژ کاتژمێر 5 تا 8 ی ئێوارە کۆبوونەوەیەک بۆ یادکردنەوەی کارەساتی هەڵەبجە لە ئۆفیسی ناوبراو بەرێوەدەچێت.**




**سویسرا:**

### با یادی کارەساتی هەڵبجە بکەینە رۆژی راگەیاندنی ریفراندۆم و سەربەخۆی کوردستان

کۆمیتەی یادکردنەوەی کارەساتی هەڵبجە رۆژی 16–3–2007 لەسالیادی کارەساتی هەڵبجەدا هەڵدەستێ بەیاد کردنەوەی ئەم رۆژە و چەند چالاکی جۆراجۆر وفلیمی دۆکۆمینتی لەسەر هەڵبجە لێدەدرێ لە شاری شتگالن لەبنەکی کابی .بۆزانیاری زیاتر بەم ژمارە تەلەفوونانە پەیوەندی بگرن(0787230778،0786792104،0763777466)

**لەندەن:...**

### بەم زووانە ژمارەیەك لەکەیسی پەنابەران دەخریتە بەردەمUNHCR

بەدواوی کۆبوونەوەی بەرپرسی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی )و (سارە پارکەر) لە بەرەی دژی دیپۆرتی پەنابەران بۆ عیراق لەگەل بەرێز (Andrew Harper) بەرپرسی کاروباری عیراق لە UNHCR   جینیف لەسەر دانەکەیدا بۆ لەندەن هەروەك بریاردرا

ژمارەیەك لەكەیسی پەنابەرانی كوردستان كە لەژێر فشاری ئەحزابی دەسەلاتدار لەكوردستان و پێشیلی مافەكانی مرۆڤ هەڵهاتوون بخاتە بەردەمیان ،15 كەیسی پەنابەران وەك نموونە ئامادەكراوە بەم زووانە دەخریتە بەردەم UNHCR.

**لەندەن:.**

## بە بەشداری چەند پەرلەمانتارێك كۆبوونەوەیەك لەپەرلەمانی بەریتانیا لەسەر ناردنەوەی بەزۆری پەنابەرانی كورد سازدەدرێت

لەسەر بانگهێشتی (جان مكدونالد) ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیا، فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی وبەرەی دژی دیپۆرتی پەنابەران بۆ عیراق كۆبوونەوەیەكی گشتی لەپەرلەمانی بەریتانیا ساز دەدات سەبارەت بە سیاسەتی بەزۆر ناردنەوەی پەنابەرانی كوردی عیراقی .

لەم كۆبوونەوەیەدا چەند كەسایەتییەكی ناودار لەبارەی داكۆكی كردن لەمافەكانی پەنابەرو چونیتی بەرگرتن بەدیپۆرتی پەنابەران قسەو باس پێشكەش دەكەن.

رۆژی :دوو شەمە 26-3-2007، كاتژمێر :7 ئێوارە تا 9 شەو ، پەرلەمانی بەریتانیا، ژووری، **Committee Room 10**

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بكەن بە سامان سەردەم بە ژمارەی (**07799507141**) وەیان ئاسۆ گۆران بە ژمارەی (**07895636633**)

**هۆلندا**

## فیدراسیۆن لە هەوڵی ئازاد كردنی پەنابەرێكی كوردە لەهۆلندا

فیدراسیۆن بەردەوامە لەپەیوەندی كردن بە پاریزەری ئەم پەنابەرە كە سالی 2005 بە كەلەپچەو جلوبەرگی سەربازی رەوانەی كوردستان كراوەتەوە ،پاش گەرانەوەی لە گرتووخانەی دەست بەسەری هۆلندا دەست بەسەرە ،فیدراسیۆن چەند نامەی ئاراستەی رێكخراوی لیبوردنی نێو دەولەتی و UNHCR لەندەن كردوە ،بریارە هاوكاری بكریت بۆ وەرگرتنی مافی پەنابەری.

**دانیمارك**

## رۆژنامەیەكی سەرتاسەری دانیمارك بە بەرپرسی فیدراسیۆن چاوپێكەوتن دەكات

رۆژنامەیەكی سەرتاسەری دانیمارك بەدوای پەیوەندی بە بەرپرسی فیدراسیۆنەوە لەسەر كیشەو گیروگرفتەكانی پەنابەرانی كوردو عیراقی چاوپێكەوتنی كرد ، لەگەل چەند بەلگەو زانیاری لەسەر سیاسەتی دژی پەنابەری لە بەریتانیاو سیاسەتی بەزۆر گیرانەوەی پەنابەران كورد یان بۆ رەوانە كرا.

**ئەمریكا**

## رۆژنامە نووسێكی ئەمەریكی سەردانی بنكەی فیدراسیۆن دەكات

رۆژی 13-3 رۆژنامە نووسێكی ئەمەریكی بە هەدەفی چاوپێكەوتن لەگەل بەرپرسی فیدراسیۆن سەردانی ئۆفیسی فیدراسیۆن دەكات ،لەم دیدارەدا بەرپرسی فیدراسیۆن لەسەر ئەوزاعی سیاسی عیراق و كوردستان هۆكاری ئاوارەی و سیاسەتی دژی پەنابەری حكومەتی بەریتانیا بەدریژی قسەوباس دەكات،هاوكات ژمارەیەك لەهەڵسوراوانی فیدراسیۆن لەقسەو باسەكاندا بەشداری دەكەن.

**بەرازیل:**

## نووسەرو رۆژنامە نووسێكی بەرازیلی سەردانی بنكەی فیدراسیۆن دەكات

ڕۆژی 3-10 بەڕێز()Natalia Vianaلە ئۆفسی فیدراسیۆن چاوی دەکەویت بە (دەشتی جەمال ،سامان سەردەم) لەبارەی بارودۆخی پەنابەران عیراقی لەبەریتانیا چاوپێکەوتن دەکات هەروەها هۆکارەکانی ئاوارە بوونی پەنابەرانی کوردستان ،بڕیارە بەبۆنەی 4ساڵ بەسەر داگیرکاری عیراق ئەم چاوپێکەوتنانە لە ڕۆژنامەکەیان لە وولاتی بەرازیل بلاوبکاتەوە.

**فەرەنسا :**

## گەیاندنی ڕاگەیاندنەکانی فیدراسیۆن بە ناوەند و ڕێکخراوە پەنابەری فەرەنسی یەکان

لەدریژی پەیوەندی فیدراسیۆن بە چەند ڕێکخراو و گروپی فەرەنسی بەردەوام هەواڵ و ڕاگەیاندنەکانی فیدراسیۆن بە زمانی فەرەنسی بلاو دەکرێتەوە .

ڕۆژنامە نووسێکی فەرەنسی ڕۆژی 9-3 لە بنکەی فیدراسیۆن چاوی کەوت بە(دەشتی جەمال،کاروان حمە) لەو چاوپێکەوتنەدا بەدریژی لەسەر بارودۆخی پەنابەران لەبەریتانیا و گێرانەوەی پەنابەران لەلایەن حکومەتی بەریتانیا قسەو باسکرا و بڕیارە بەم زووانە لەچەند سایتی فەرەنسی ئەم چاو پێکەوتنانە بلاوبکریتەوە.

**ئیرلەندا**

## کۆمەڵێك ڕێکخراوی پەنابەری و ئینسانی لە وولاتی ئێر لەندا دژ بە ناردنەوەی پەنابەرانی کورد هەڵویست دەردەبرن

لەڕیگای چەند هەڵسوراوی فیدراسیۆنەوە وکەسایەتی ئازادی خوازەوە لە وولاتی ئیرلەندا ،چەند ڕێکخراوی ئینسانی و پەنابەری و ئەندامی ڕێکخراوی سیاسی ورێکخراوی لیبوردنی نیو دەولەتی نامەی نارەزایەتی دەنووسن بۆ دەولەتی بەریتانیا دژ بەناردنەوەی بەزۆری پەنابەرانی کورد ،هاوکات پەیامی پشتیوانی ئاراستەی پەنابەران دەکەن.

**لیستەر:**

## کۆبوونەوەی گشتی لەگەل پەنابەرانی کورد لەشاری لیستەر

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 2007/2/24 بەبەشداری حەفتا کەس، لەکۆبونویەیەکی گشتیدا کەفدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی لەشاری لیستەر ڕێکیخست لەسەر ئاخرین هەوالەکانی فدراسیۆن و کارێك کەفدراسیۆن لەپەیوەند بەکەیسی پەنابەران و دیپۆرتکردنەوەیان کاری لەسەر کردووە دەکات، قسەی لەسەر کرا، هەروەها لەو کۆرەدا کەلەلایەن خالد ئیسماعیلەوە بەرێوەبرا، هەریەك لەهەردوو ووتەبێژانی کۆبونەوەکەی ناساند لەئارام حمەسعید، ئەندامی سکرتاریەتی فدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی و لیپرسراوی فدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی شاری لیستەر و نوری بەشیر کەسی هەڵسوراو بۆ مافەکانی پەنابەران و بەتایبەت لەم دووریەیی دوایدا کەحەملەی دەولەتی بەریتانیا دەستی پێکرد، هەڵسوراویکی جدی بوە لەگەڵ فدارسیۆن بوە لەسەر کیشەی دیپۆرتی پەنابەران لەگرتنی محامی و پەیوەندی ڕۆژانە پیانەوە لەزیندانەکاندا.




**قبورس**

## کۆمەك بە پەنابەرانی عیراقی لە قوبرس

بەپێ ئەو نامانەی لەژمارەیەك پەنابەرانی عیراقی یەوە بەدەستمان گەیشتوە زیاتر لە دەیان پەنابەری کوردو عیراقی لە قبرس گیریان کردوە، بارودۆخێکی زۆر دژوار بەسەر دەبەن بەشێوەیەك کە لەسەرەتاترین مافە ئینسانی یەکان بێ بەشن لە باری دەرونی و تەندروستی خراپدان مانگێك کۆمەکیان دەکەن و6 مانگ دەی برن ،فشاریان بۆ هیناون کە بگرینەوە بۆ عیراق وە یان دەیان نیرنەوە بەزۆر لەنیویاندا ژمارەیەك لەژن و مندالی تیدایە لەم بارەیەوە فیدراسیۆن نامە ئاراستەی تەواوی رێکخراوە ئینسانی و پەنابەری یەکان دەکات و لیستی ناوی ئەو پەنابەرانە بە هەدەفی کۆمەك پێکردن پیان ئاراستەی UNHCR دەکات.

## کوردستان

## هەوالەکانی پەنابەران و هەڵسورانەکانی فیدراسیۆن لە رۆژنامەو سایتەکوردی کان بەردەوامە بلاودەکریتەوە

بەردەوام رۆژنامە و سایتە کوردی یەکان هەواڵەکانی پەنابەران و هەلسورانەکانی فیدراسیۆن بۆ بەرگری لە پەنابەرانی کورد بلاو دەکەنەوە ،لەو بارەیەوە رۆژنامەی رزگاری ئۆرگانی پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان و رۆژنامەی ئالای ئازادی رۆژنامەی حزبی زەحمەتکیشان و رۆژنامەی میدیا بە بەرپرسی فیدراسیۆن لەسەر ئەوزاعی پەنابەران دیمانەی رۆژنامەوانیان کردوە و بلاوکراوەتەوە.

چەند پەنابەر کە بەزۆر نیراونەتەوە بەردەوامن لەپەیوەندی بەفیدراسیۆنەوە سەبارەت کیشەو گرفتەکانیا ن فیدراسیۆن لەوهەڵدا یە بۆ چارەسەرکردنی کیشەکانیان بەتایبەتی ئەو پەنابەرانەی خیزانەکانیان لە بەریتانیایە.

میدیاکان لەسەر هەڵهاتنی حاکم(رووف) کە بریاری لەسیدارەدانی بەسەر سەدام حسین دا بەفیدراسیۆنەوە پەیوەندی دەکەن.

## لەندەن

## کۆبوونەوەیەکی گشتی لەگەل چەند رێکخراوی پەنابەری

رۆژی یەك شەمە 17-3 لەسەر بانگهیشتی رێکخراوی (JSG) کۆبوونەوەیەکیان لەسەر بارودۆخی سیاسی عیراق و مەسەلەی پەنابەران داناوە لەم کۆبوونەوەیەدا چەند کەسایەتی و نۆینەری رێکخراوی سیاسی و پەنابەری بەشداری دەکات.

بەرپرسی فیدراسیۆن دەعوەت کراوە بۆ قسەو باس پێشکەش کردن لەسەر بارودۆخی سیاسی عیراق و کوردستان کیشەی پەنابەران قسەو باس بکات .شۆین.

Manor Gardens Centre, Manor Gardens N7, off Holloway Road, nearest tubes Archway and Holloway Road., train Upper Holloway, Buses 4, 17, 29, 43, 91, 153, 253, 254, 259, 271, 279

## کەندا

## نامەی نارەزایەتی ،بۆ باڵویزخانەی بەریتانی لە کەنەدا لە دژی دیپۆرتکردنەوەی پەنابەرانی کورد لە بەریتانیا بۆ کوردوستان.

**کوردانی ئۆتاوا و( ڕیکخراوی فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراق-کەنەدا) پشتیوانی خۆمان لەوکەمپینەی کە فیدراسۆنی پەنابەرانی عیراقی پێ ی هەلساون لە دژی دیپۆرتکردنەوەی پەنابەرانی کورد بە بێ ئارەزووی خۆیان بۆ کوردوستان ڕادەگەیەنین و، ئیدانەی ئەو سیاسەتەی حکومەتی بەریتانی دەکەین لە دیپۆرتکردنەوەی پەنابەرانی کوردی عیراق بۆ کوردوستان.وەلەهەوڵداین بۆ گەیاندنی ئەو سیاسەتەی حکومەتی بەریتانی بۆ هەموو ڕێکخراوەجەماوەری ومرۆڤ دۆستەکان لە کەنەدا و،ڕێکخراوە نێودەوڵەتی یەکان وکرێکاریەکان،بۆ پشتیوانی کردنیان لەم مافە ڕەوایەی پەنابەران،**

mobile: jasm_rg@yahoo.co.uk Jasim Ghafurburhanfatah@aol.com Burhan Fatahd.jamal@ntlworld.com

07877489626 **or** 07929010257 Office: 0161 234 2784 Aram Hama 07729182083

**www.csdiraq.com**